# بۆ شارەکەم ـ هەڵەبجە

شیعری
کەمالی دادامین



لەو دەمەیدا لە چوار چێوەی
چوار دیواری بێکاریدا،
وێڵم لە دوای پاروە نانێ!
وێڵم لەدوای چراخانێ!
وێڵم بە دوای چاوساغێکدا،
پێشمکەوێ....
لەسەر مەزرا، لەناو ڕەزا، لەناو ڕانا،
لە شەو ئاوێ، لە شەو ڕاوێ، لە گزرە کوتانی سەپانا،
لە کاروانی کا کێشانا.....
<<<<>>>>
بیرم بیری ئەو شوێنەیە،
بێ بەریم لێ ی!
هەستم هەستی ئەو جێگەیە،
قاچاخم لێ ی!
گیانم گیانی ئەو هەردەیە،
یاساغم لێ ی!
دڵم دڵی سەرچاوەکەی،
سەرچاووگ و چەمی زەڵمە!
هۆشم هۆشی ئەو کەسەیە،
ڕیشێن دەکا بە بنماڵە و
لە زەڵمدا هەوار دەخا!
چاوم چاوی لەو ڕێگایە،
کاروانی نوێ،
بۆ هەواری کۆنم دەبا........
<<<<>>>>

هۆ ئەستێرەی کاروان کوژە،
بە گەلاوێژ ڕاگەیەنە.
تۆ بۆ شەوو ئەو بۆ بەیان،
با لە شەوی بێداریدا بەڕێمانکەن،
بۆ هەواری هەزار ساڵەی باپیرانمان.
بۆ ئەو شارەی بوو بە دایک،
بۆ شارەزوورو هەورامان.
بۆ ئەو جێیەی بوو بە لانک،
بۆ بیرۆکەی ئەم سەردەمەی،
نەوەی نوێمان.

01.01.1990

سلێمانی